

# واته.. وەستا!!

**سەعید فائیق ئەباسییانق(١)**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

واتە.. وەستا!!

من، واتە کە تازە وەستام ناسی، تەمەنی پازدە سالان بوو، ئەوساکە هێشتا، واتە وەستا، نەبوو. مندالێکی ڕەشی چاوڕەشی لاق ڕەشی پرچ ڕەش بوو.

من؟... من زەلامێکی تەواو بووم. درۆی چی بکەم: کار و کردەوەیەکم نەبوو. کەسێکم لە جیهاندا نەبوو، تاکە دایکێکم هەبوو و هەر ئەوەندە، لەو بەولاوە کەسوکارێکم نەبوون، واتە وەستا ئەمڕۆ بیست سالانە، من پەیژەم ناوەتە پەنجا سالی، بەلام واتە وەستا تاکە دۆستمە، دیوارەکان بە شێوەیەک بە بۆیاخی ڕۆنی بۆیاخ دەکەم کە پەنجەت لە دەمتدا دەمێنێ. (٢) ئەو لە چاومدا، هێشتا هەر کوڕە ڕەشە تەمەن پازدە سالەکەیە، لەو کاتانەدا کە بۆیاخ ناکا، دەچێتە سینەما، دەچێتە فوتبۆلێن، لە قاوەخانەدا قوماری کاغەز دەکا.

ئەگەر ئەقلی گرتمی لە هەر کوێیەک بم دەمدۆزێتەوە، نەیگرتم هەر گوێشم ناداتێ. دەلی:

– بۆچی بەدواتدا بگەڕێم دەسا باوەئاغا.

بیرەخانەیەکی لاچەپ و ئاراممان هەیە، دەچم و دادەنیشم، چیم لەم جیهانە کردووە، چیم لەم جیهانەدا بینی، بۆچی هاتم؟ بۆ دەچمەوە؟ چیم کرد؟ کە لە دەرەوە بەفر دەبارێ، ناوەوەی گەرمیش بێ.. من لەم بیرەخانەیەدا هەلدەلەرزم، سەعات بووە شەش، ئیدی کەسی لێ نامێنێ، بۆیەکە دەچێتە هۆلەکەی، کە کاتژمێری سەردیوارەکە پیاو تووڕە دەکا، پیاو ناچاری خواردنەوە دەکا، من واتە چاوەڕێی وەستاکەم دەکەم؟ چاوەڕێی بکەم نایەت کە.. گەر چاوەڕێی نەکەم دێ؟ ئومێد هەیە کە چاوەڕێی نەکەم.. ئومێدم دەبێ.

دێ و بەرانبەرم لێ دەگرێ، من چی بەو دەڵێم، ئەو چیم پێ دەبێژێ، هیچم نایەتەوە بیر، دواتر بەوەی کە وای گوتووە بۆی هەڵدەبەستم.

بیرەخانە مشتەریی هەمیشەیی هەن، یەکێک هەیە، دێ، لەتەک جامەکەوە دادەنیشێ، داوای بوتڵە ئاوێکی کانزایی دەکا. کۆکتێلێک، عەرەقێکی دەکاتە ناو، تەبەقێک میوە داوادەکا، شیشێک گورچیلە داوا دەکا، جاروباریش ئۆملێت (٣) دەخوا.

واتە وەستا دێ، نێوانی برۆکانی خەت خەتە، باوکی کچە! گوایە پێنج هەزار لیرە (دراهۆمە)ی دەداتێ، کچەکە جوانکیلەیە، گەرچی پێشتر ناسیوبەتی، ئەم جارە لە ئاهەنگی چا خواردنەوەدا بینیوبەتی، دایکی کچە پێی گوتووە: "واتە بۆ دانسێک ناکەن؟!".

واتە وەستا دەڵێ: "من دانس و مانس نازانم". "سا.. بشیزانم نایکەم"، ژنە بە ئاشکرا کچەکەی داوەتێ، واتە وەستا گوتوویەتی: "لەگەڵ باوکمدا یەکدی ببینن".

کەواتە وەستاش، واتە بۆ خواردنەوەی دوو بیرەکەی نایەتە بیرەخانە. "دەڵێ.. دەبێ ماوەیەک لە بیرەخانە و شوێنی وەهادا نەبینرێم، کارەکە پێنج هەزار لیرەی تێدایە."

هەی نامەرد واتە هەی! گوتم ئێوارەی ڕابورد، کوڕێکی گچکە و ڕەش و وشک بووی، بڕوانە بوویتە پیاوێکی تەواو، من بوومە باوەگەورە، بیرەخانە هەر بیرەخانە کۆنەکەیە، مێزەکان هەر ئەو مێزە کۆنانەن، جیهان جیهانێکی کەیە، تۆش پیاوێکی دیکە.

بەڵام من هەر ئەوەم، ئەدی واتە وەستا! تۆش هەر وەها دەبینم واتە وەستا، پرچ ڕەش چاوڕەش، کوڕێکی چون جنۆکە.

کوا ئەو دەمانەی دەچووینە سینەما، شێت دەبووی لەگەڵمدا بی، دەستت ڕادەوەشاند، دەتکێشان بە شانمدا.

– بە دەست پێداکێشانەوە دەتگوت: بینیت؟ سەیری سیخوڕەکە بکە! چی کرد بینیت؟ بە یەک مستەکۆڵە... ئەو سینەمایەش لە جێی خۆیدا نەماوە، ئەو سینەمایە لەناو ئاوێنەگەلێکدا بوو، لە ڕۆژانی باراندا بۆنی کاڵا و مرۆڤی لێ دەهات، کە بەناو منداڵانی پلەی یەکەمدا دەخزاین، ناخم پڕ دەبوو لە خۆشەویستی، هەموو ڕوویەک جوان بوو، هەموو منداڵێک دڵگیر بوو، هەموو دەستێک خارا بوو، بچووک، چڵکن و گەرم بوو.

ڕۆژگار بەسەرچوو، من کەوتم، نێوان تێکچوو، تۆ بوویتە پیاوێکی زەلام، ئەوەندەی وەرگرتنی پێنج هەزار دراهۆما، باشە تۆ کچەت خۆش دەوێ واتە وەستا؟

– ژن نییە؟ باوەپیرە، خۆشمان دەوێ.

ڕاستە واتە وەستا، ئافرەتان خۆش دەویسترێن خۆش ناویسترێن ئیدی من چونکە لە ناخمدا هەر بە منداڵی ماومەتەوە، منداڵانم لەلا لە هەموو ئافرەتان خۆشەویستترن.

– منت خۆش ناوێ؟

– تۆ؟ ئەوەش پرسیارە واتە وەستا؟ تۆ؟ تۆم زۆر خۆش دەوێ.

– بەڵام ئیدی من منداڵ نیم.

– لە چاوی مندا هەر منداڵی.

– ئەگەر من بە منداڵ دانێی توورە دەبم، لێت زیز دەبم، جارێکی کە قسەت لەگەڵدا ناکەم.

– بانگهێشتی شاییشم ناکەی، واتە وەستا؟

– بڕوانە، بانگهێشتی ئەوەت دەکەم.

واتە لەگەڵ وەستا ماوەیەک بێدەنگ بووین، دوایی واتە وەستا چۆن بەبیریدا هاتەوە نازانم، گوتی:

– تۆ دەچیتە شانۆ و شتی وەهالە، ئێوارەیەک منیش لەگەڵ خۆتدا ببە. گوتم:

– بەسەر سەرم، هەر کاتێک بتەوێ.

– بەڵێنی ئێوارەی دووشەممەمان دا، پێش وەخت سەرم لە بلیت فرۆش دا و بلیتم کڕی و هاتمەوە، واتە وەستا بە ڕازاوەیی هات، هات بەڵام بلیتەکان بۆ سبەی ئێوارە بوون، ئێوارانی دووشەممە نواندن نەبوو. گوتم:

– واتە وەستا، ئێوارانی دووشەممە نواندن نییە. گوتی:

– زیانی نییە، تۆ بلیتەکەی خۆمم بدەرێ.

سەر و چوار بیرەمان خواردەوە، جودا بووینەوە، ڕۆژی دواتر من لە سەعات هەشت و نیودا چوومە هۆڵی شانۆ. ئەو هێشتا نەهاتبوو، کە زەنگی هەڵدانەوەی پەردە لێی دا، یەکێک هات بە تەکمەوە دانیشت.

واتە وەستا بلیتەکەی خۆی فرۆشتبوو، نەهاتبووە هۆڵی شانۆ، واتە وەستا بۆ دواجار منداڵێتییەکی لەگەڵمدا کرد، پێم خۆش بوو، وام لێ هات، هەستم بە تەنیاییەک کرد، لە کاتێکدا من هەر بە تەنیا سەیری شانۆکانم دەکرد و زەوقم لێ دەبینین، شەوانی تەنیاییم هەڵدەبژاردن، دەچوومە نهۆمەکانی سەرەوە، پێم وایە جارێکی دی

نواندنی خراپی وەک هی ئەو ئێوارەیە نابینمەوە.

هەی نامەرد واتە وەستا هەی! ئەمە چی تێدایە واتە وەستا، ها؟ نەهاتی نەهاتی، ئەمە چی لێ دەردەچێ، تۆ هەر ئەو مندالّە بچووکەی کە لە کۆڵاندا تۆم بینی و لە سینەمای ئاوێنەداردا بە تەنیشتمەوە دانیشتبووی، بەڵام هیچ شتێک، تەنانەت مشتێکی ئاسنینیش دڵی نەدەگوشیم، ئەوسا لەکوێ؟.. بەڵام گوێی مەدەرێ واتە وەستا.! بڕوا مەکە! دەی گیانم لەلاتە! نیگەران مەبە سا واتە وەستا. کە منت بینی زەردەخەندەیەک بکە، گوێی مەدەرێ! لە شانۆدا چی ڕوودەدا؟ لە جیهاندا دۆستایەتی هەیە، سا! خۆ ئەویش نەمردووە برا!

١ی مارتی ١٩٥٤

**پەراوێزەکان:**

**(١) سەعید فائیق ئەباسییانق: (تشرینی دووەمی ١٩٠٦، ١١ی مایسی ١٩٥٤): چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیرێکی تورکە، لە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکنووسانی تورکە و لە ئەدەبی هاوچەرخی تورکدا بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێ.**

**بەو تازەگەرییەی هێناویەتییە ناو چیرۆکنووسیی هاوچەرخی تورکییەوە، بە نووسەرێک دانراوە کە "ڕیشەی لە خۆیدا"یە، تەکنیکی کلاسیکیی چیرۆکی ڕووخاندووە و سروشت و مرۆگەلی بە سادەیی و دڵسۆزی و لایەنی باش، هەروەها خراپیان وەک هەن، بەڵام بە شێوەیەکی شیعری و بە زمانێکی وەستایانە دەگێڕێتەوە. وەک هونەری دوای ڕێژیی کۆماری خۆی بە گۆڕانکارییەکانی خۆراوا نەبەستووەتەوە و لە ژێر کاریگەریی هیچ چەمکێکی ئەدەبیدا هەڵسوکەوتی نەکردووە، شوێنپێی هیچ شێوەیەکی دیاری هەڵنەگرتووە.**

**نووسەر نەک کێشەکانی کۆمەڵ، بەڵکو بەدوای گرفتەکانی تاک لەناو کۆمەڵدا چووە، بە زۆری باسی تاکەکانی سەر بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی کردووە، هەوڵی داوە لە ڕاستییەکانی مرۆڤ بگات.**

**زمانی تایبەتی خۆی پەرە پێ داوە و لە کەسانی وەک ئەندرێ جید و لۆتریامۆن و جان جینێ سوودمەند بووە و ڕابەرایەتیی گەلێک لە نووسەرانی تورکی کردووە.**

**دوای مردنی ماڵەکەی کراوەتە موزەخانە و هەموو ساڵێک پاداشتی چیرۆک بە ناوی ئەم نووسەرەوە دەدرێ.**

**سەرچاوە: بە کورتی لەم پێگەیەی خوارەوە وەرگیراوە:**

**http://tr.wikipedia.org/wiki/Sait_Faik_Abas%C4%B1yan%C4%B1k**

**(٢) تەنانەت لێرەش خوویەکی باوە هەندێک کەس بۆ سەرسوڕمان نووکی پەنجەی شایەتمان دەخەنە نێو ددانەکانییەوە.**

**(٣) ئۆملێت: ناوی خواردنێکە لە هێلکەی تێکدراو و پەنیر و قیمە و کارگ و هی دی لە ناو تاوەدا سوور دەکرێنەوە.**

**سەرچاوەی ئەم چیرۆکەی ئێرە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی: لە عالەمداغدا مارێک هەیە (Alemdagda Var Bir Yilan) لە بڵاوکراوەکانی (sanal yay-nevi) ئەغستۆسی ٢٠٠٥. لاپەڕە (٢٥-٢٦).**